کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

7-12-2007 21:02:53بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## هیچ گەلێک ئەوەندەی کورد ڕقی لەخۆی نییە ... جەمال فەتاح



ماوەیەکە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆپشودانێکی کورت کوردستانی بەجێ هێشتووە، لای هەموان ئاشکرایە کە هەموکەس لەژیاندا پێویستی بەپشودانی ئاسایی هەیە، وەپێویستی بەپشکنینی پزیشکی هەیە وە مافی هەرمرۆڤێکە لەهەر پلەو مقامێکدابێت کەساڵانە پشوی ڕەسمی خۆی هەبێت، یان ئەوەی لەئەوروپابێت ئەزانێت کەهەر مرۆڤێک بەتایبەتی کەسانی بەتەمەن کە لە50 ساڵ بۆسەرەوە بێت پێویستە هەر سێ مانگ جارێک پشکنینی پزیشکی تەواو بکات، ئەمە لەکرێکارێکەوە بۆ سەرۆکی وڵاتان مافێکی ئاساییە لەئەورپا، کەچی هەندێک کوردی چەواشەکراوی چەواشەکەر هەندێکیان بۆخۆشیان لەئەوروپان وپانتایی ژیانی ئەوروپایان دیوە کەچی بەسەرۆکی وڵاتەکەیان ڕەوانابینن کە پشوبدات، یان پشکنینی پزیشکی بکات.

دیارە هەر بەسەفەر کردنی سەرۆک بارازانی سایتی بەعسییەکان وعەرەبە شۆڤێنییەکانی دوژمنی کورد وایان بڵاوکردەوە گوایە سەرۆکی کوردستان تەقەی لێکراوە وبریندار بووە، هەر پاش ئەوە سایتی درۆکان واتە بەناو (کوردستان پۆست) ئەو هەواڵەی لەدەمی بەعسییەکان وعەرەبە شۆڤێنییەکان ومیتی تورکی قۆزتەوەو بەوتەی هەرزان وسوکایەتییەوە دەستیان کرد بە هەڵرشتنی وتەی بازاڕی دور لەهەر عورفێکی ڕۆژنامەگەری بەجۆرێک ڕوی بەعسییەکان ومیتی تورکییەیان سپی کردەوە، ئەوانە بەهەر مانا گلەییان لێناکرێت وهەر لەمێژە خۆیان بردووەتە ڕیزی دوژمنانی نەتەوەکەمان بەڵام هەندێک خەڵکیتر کەوتنە هەمان هەڵەوە کەبەڕاستی هەرگیز چاوەڕوان نەدەکرا ئەو بەرێزانە چی وەک هەندێک ڕۆژنامەو چی وەک خەڵکی تاک بکەونە هەڵەی ئاواوە کە بەوتەی پڕوپوچی دوژمنانی نەتەوەکەمان باوەڕ بکەن دیارە جێگای داخە کەخەڵکی شارەزا بکەوێتە هەڵەوە.

نوسەر پێویستە نوسینەکانی بۆهەمیشەبێت و وریا مێژوبێت لەنوسیندا چونکە دڵنیابن سەرۆکی کوردستان بەزوترین کات ئەگەڕێتەوە جێگای خۆی و زۆر بەجوانی وەڵامی بەجێی هەموئەو کەسولایەنانە ئەداتەوە کە بەهەڵەدا چون لەبارەی سەفەری سەرۆک وەک هەمیشە کە وەڵامی بەجێی پێبووە بۆ دوست ودوژمنی کورد.

من لێرەدا پرسیار لەهەمو ئەو خاوەن قەڵەمانە ئەکەم کە لەو ڕووەوە کەوتوونەتە هەڵەوە سەرۆک ئەگەڕێتەوەو هەمو ئەو درۆیانەی ئێوەو دوژمنان سور ئەکرێن ئەوسا ئێوە وەڵامی خوێنەرانتان چی ئەدەنەوە؟!، خۆناشێت ئێوەش وەک کەسایەتییەکی لاواز بڵێن جاچی؟تێدایە!.

لەدنیادا سەرکی وڵاتێک نییە کە پشونەدات ونەچێتە هۆڵیدەی، بۆنمونە تۆنی بلێر سەرۆک وزیرانی پێشوی بەریتانیا لەگەل ماڵومندالی هاوینی 2006 چو بووە هۆڵیدەی بۆجەزیرەی کارابی بۆپشودان ڕۆژنامەیەکی بەریتانی هەندێک پاگەندەی بۆکردبوو پاشان تۆنی بلێر لەرێگای پارێزەرەکەیەوە شکاتی دادگای کرد لەڕۆژنامەکەو ڕۆژنامە نوسەکە کەدادگا بۆی دەر کەوت ڕۆژنامەکەو ڕۆژنامە نوسەکە پاگەندەیان بۆ ناوبراو هەڵبەستووە سزای ڕۆژنامەکەیاندا بەبڕی یەک ملیۆن پاوەنی بەریتانی کەدەکاتە دوملیۆن دۆلاری ئەمریکی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET

www.kurdistannet.org

**7-12-2007 21:02:53بەکاتی ناوەندی ئەوروپا**

بەڵام ئەی دادگای کوردستان چی؟سزایەک بۆئێوە دیاری بکات کە وەک ئاردی ناودڕک بێناونیشان لەبەر دەمی کۆمپیۆتەرێکدا هەڵکورماون وپەمپی دوژمنانی نەتەوەی کورد لەهەزری خۆتان ئەدەن بۆدژایەتی دەستی بڕیاردەری کورد، ئەمەش خۆتان وەڵامی هەڵەی خۆتان بدەنەوە.

لێرەدا ڕووئەکەمە ڕوناکبیرانی ڕاستە قینەی کورد ئەوانەی کە سیاسەتی چەوت هەزری تێکنەداون ونەیکردون بەدوژمنی کورد وکێشە ڕەواکەی بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن وەک ئەوانەی کە کەوتونەتە هەڵەوەوئەڵێم ئایا هیچ نەتەوەیەک هەیە ئەوەندەی کورد دژی نەتەوەی خۆی بێت؟ئایا هیچ نەتەوەیەک هەیە ئەوەندەی کورد هەزری شێوێندراو وتێکدراوبێت؟ئایا هیچ گەلێک هەیە لەدنیادا ئەوەندەی کورد دژی دەستی بڕیاردەری نەتەوەکەی خۆی بێت؟ئەگەر هەیە لەکوێیە ودانیشتوی کامەجوگرافیای ئەم ئەستێرەیە، لەهەمانکاتدا ڕوئەکەمە ئەوکەسانەی کە بەم هەڵەیەو بەهەمو هەڵەکانیتردا چوون وە بەیەک تیشکی لاوزی دوژمنانی نەتەوەکەمان بەستەڵەکی هەزریان ئەتوێتەوەو ئەڵێم برایان باوەڕتانبێت سەرۆکی کوردستانیش مرۆڤە وەک هەر مرۆڤێکی ئاسای سەر ئەم زەوییە نەخۆشیش ئەکەوێت وپێویستی بەپشکنینی پزیشکی ئەبێت وئەشمرێت وەک هەر مرۆڤێکی ئاساییە، دڵنیاش بن ئەگەر هەوڵی تیرۆر کردنیشی بدرێت لەسەر مافی نەتەوەکەمانەو هیچیتر چونکە لەهەمومان زیاتر گرێی سەردڵی دوژمنانی نەتەوەکەمانە ئەم ڕاستییەش بەکردەوە دەیان وسەدان جار بۆهەموکرد سەلمێنراوە ئەگەر لەبیر خۆمانی نەبەینەوە، بەڵام دڵنیاش بن بەدرۆو پاگەندەی هەڵبەستراو نەک سەرۆک مێشولەی سەرۆکیش نامرێت، دڵنیاش بن تەنها ڕاستییە کەئارامی بەدڵودەرونی هەر مرۆڤێک ئەدات و ویژدانی مرۆڤە هەڵچووەکان ئاسودە ئەکات، هەر ژیانێکی بەدەر لەڕاستی وهەر بیرێکی دور لەهەقیقەت ئاگری مۆمەکان سۆلسۆلەناکەن تێیدا، ئەوە ڕاستییە کەچرای ڕوناک هەڵئەکات وهەموگۆشەکانی ژیان ڕووناک ئەکاتەوە نەک پێچەوانەکەی، من دەزانم دەیان کارەساتی خراپ جادوژمن چین بن یان خۆچێن درونتانی ژەنگاوی کردووەو کلۆو کەسەری لەهەناوتاندا بەسەرداوە، بەڵام لادانی ئەوکەسەرانە وکردنەوەی هەموگرێ کۆڵەکانی ژیان تەنها ڕاستی ئەبێتە شەوژەن یان وبەپێچەوانەوە خۆلەڕاستییەکان بواردن کەسەرەکان زیاد ئەکات ودەرونەکان تەنگتر ئەکاتەوە.

دواوتم ئەڵێم ئەرێ یەکێک لەئێوە کە بەوهەڵەیەدا چون لەسەر چەند سەرکردەی دوژمنانی نەتەوەی کوردتان نوسیوە؟!وابەوشێوە پەرۆشی نوسینن لەسەر سەرۆکی کورد؟تەنها یەک وتارتان لەسەر سەرکردەی دوژمنان دیاری بکەن، دەنائەمەش باوەڵامەکەی لەلای ویژدانی خۆتان بێت..

لەندەن
2007/12/6

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.